# بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەروازەیە بۆ پەرەپێدانی ئابووری

# پێویستە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی میکانیزمێک هەبێت



ناتوانرێت باس لەپەرەپێدانی ئابووری بکرێت، بەبێ هەڵوەستە کردن لەسەر مەسەلەی (گەندەڵی و حوکمڕانی باش)

گەندەڵی پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام هەموو پێناسەکان لەسەر مەبەست و ئامانجێک یەک دەگرێتەوە، ئەویش:( خراپ بەکارهێنانی پۆست و نفووزو مەحسوبییەت و بەفیڕۆدانی دارایی گشتییە)

کاتێــك حکومــەت لەنـــاو سیســـتەمی دیموکراتییەتدا بانگەشـــەی ئابووری بازاڕ دەکات، کـــە تەنیا ڕێگایە بـــۆ پەرەپێدانی سەرتاســـەری و پەیڕەوکردنـــی حوکمڕانی دروست،پێشوەختە بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری و مامەڵەکردن لەگەڵ سامان و داهاتەکانی وڵات، پێویستی بەفەلســـەفەو شێوازێکی نوێـــی ئابووری و دامەزراوەیی کارا دەبێت، بەڕێوەبردنـــی نوێـــی ئابووریـــش چەندین ئاســـتەنگ و بەربەســـتی لەبەردەمدایـــە گرنگترینیـــان دیـــاردەی گەندەڵییـــە، مەترسییەکانی ئەمدیاردەیەلەسامناکییەکانی تیرۆر کەمتر نییەو شـــوێنەواری سیاســـی و ئابـــووری و کۆمەڵایەتـــی تونـــدی لێدەکەوێتەوە و، کاریگەری گەورەی لەسەر داهاتووی حکومەتـــەکان دەبێت، لەدەوڵەتە دواکەوتووەکاندا نەك تەنیا سیاســـەتمەداران بەڵکو بیزنســـکارە گەندەڵ و سەرمایەدارە قۆرغکارەکانیش ڕۆڵی سەرەکی و گرنگ لەبەرفراوانبوونـــی گەندەڵییەکـــەو خراپ بوونـــی بارودۆخەکەدا دەبینـــن، تەنانەت کەوتنەوەی ژینگەیەك کە تێیدا هاندەرەکانی گەندەڵـــی لە هاندەرەکانـــی دژە گەندەڵی زیاتر بێت بەزیانـــی ئابووری و ئەزموون و خەباتی پارتەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسیش تەواو دەبـــن، گەندەڵی وەکـــو دیاردەیەکی جیهانـــی و ناوخۆیی لەناو ســـەرجەم چین و توێژەکانـــی کۆمەڵگا بەشـــێوازو ڕێژەی جیـــاواز بوونـــی هەیـــە، تەشـــەنەکردنی گەندەڵـــی لەگەڵ گۆڕانی سیســـتەمی نوێی جیهـــان و وەرچەرخانی ئابووری لە ئابووری حکومەتـــەوە بەرەو ئابووری بازاڕ و فراوانبوون و کرانـــەوەی بازاڕەکان زیاتر بـــووە، تەنانەت ناتوانرێت باس لەپەرەپێدانی ئابووری بکرێت بەبێ باسکردنی مەسەلەی (گەندەڵی و حوکمڕانی باش)، ئەم دیاردەیە لەعێراقدا بەشـــێوەیەك تەشـــەنەی سەندووە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێ ئومێد کردووە، بەتایبەت بێ توانایی حکومەتی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونـــەوەی ئەم دیاردەیە کەدوا جار هەڕەشـــەی فاشـــیلبوون لەدەوڵەتی عێراق دەکات، گەندەڵی بەشـــێوەیەکی گشتی لە عێراقـــدا زیاتر لەکەرتی نـــەوت و کارەبا و ژێرخانی ئابووری تەشەنەی کردووە، دواتر لەبواری هێنانی بەشە خۆراکی هاووڵاتییان و کەرتەکانی بازرگانـــی و بەڵێندەرایەتی فراوانتربووە. کێشـــەی گەندەڵی لەعێراقدا لەوەدا ســـەرچاوەی گرتووە کە کەســـانێك حکومەت بەڕێـــوە دەبـــەن و بەرژەوەندییە تائیفـــی و حزبـــی و شەخســـییەکانیان لەســـەروو بەرژەوەندییە نیشـــتمانییەکانەوە دادەنێن، میکانیزمێکی کۆنترۆڵکاریش بۆ بەرەنگاربوونـــەوەی گەندەڵی نییە تەنانەت گەندەڵییـــەکان گەیشـــتۆتە بوارەکانـــی دەزگا دادوەرییـــەکان، هەروەهـــا ســـەری کـــردووە بەناو کۆگاکانی دەرمان و بەشـــە خۆراکی هاووڵاتیانیشـــدا، بۆیە گەندەڵی بۆتە مەترســـی و هەڕەشـــە لەداهاتووی عێراق دەکات، چونکـــە داهاتێکی زۆر بۆ ئاوەدانکردنـــەوەی عێراق خـــەرج دەکرێت و بەشـــێوەیەکی لاواز کۆنتـــرۆڵ دەکرێت. نەبوونـــی شـــەفافییەت لەوەزارەتەکانـــی عێراق و نەبوونی سیســـتەمێکی بانکی و سەربەخۆ و نەبوونی دەزگاکانی چاودێری ئەوەندەی تر بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە. کوردســـتانیش کە هەرێمێکی وابەســـتەی عێراقـــەو ئابوورییەکـــەی پاشـــکەوتەی ئابووری ناوەنـــدەو لەچوارچێوەی داخراوی ئەو ئابوورییەدا دەربازی نەبووە، لەکێشەی گەندەڵی بەدوور نییەو پێویســـتی بەدانانی ڕێوشوێنی یاسایی و دادگایی هەیە، تاوەکو بتوانرێت دامودەزگا پێوەندارەکانی چاودێری و بەدواداچـــوون بەرەنـــگاری دیـــاردەی گەندەڵییەکە ببنەوە..

## گەندەڵی بنەمایەکی سەرەکییە بۆ وڵاتانی فاشیل

گەندەڵیـــش چەندیـــن جـــۆری هەیـــە لەوانە (گەندەڵی سیاسی و گەندەڵی ئابووری و کۆمەڵایەتـــی و قەزائی و ڕۆشـــنبیری و ڕاگەیانـــدن و گەندەڵـــی کارگێـــڕی و دارایـــی..) گەرچی ســـەرجەم جۆرەکانی گەندەڵی تێکەڵ بەیەکتر بوون و کاریگەری و دەرهاویشـــتەی یەکتریان لەســـەرە، بەڵام گەندەڵی ئابووری دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ ســـەرجەم گەندەڵییەکان. گەندەڵی ئابووری تەنیا شـــوێنەوارێکی ئەخلاقی نییە بەڵکو کاریگەری بەســـەر هـــەژاری و بێکاری و نرخەکان و دەرامەتـــە مرۆییەکان و داهات و خەرجییەکانیشـــەوە هەیەو ئابووریناسەکان بەبنەمایەکـــی گرنگی وڵاتانی فاشـــیلی دادەنێـــن. ڕێکخـــراوە نێودەوڵەتییەکانـــی (شەفافییەت و بانکی نێودەوڵەتی و سندووقی دراوی نێودەوڵەتـــی) بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیـــە بەمەرجی ســـەرەکی دادەنێن بۆ شـــەفافییەت و پەیڕەوکردنـــی حوکمێکی باش و دیموکراسی و بەهێز و کارا، چونکە دیاردەکە خۆی لەخۆیدا پێشێلکردنی یاساو سیستەمی دادوەرییە لەوڵاتدا.

## هاندەرەکانی دژە گەندەڵی ئەفسانە دروست دەکات

لەم باســـەدا زیاتر لەسەر گەندەڵی ئابووری رادەوەستین و بەدوای ڕێگا چارەسەرەکاندا دەگەڕێیـــن، ڕەخنـــەکان لەپێنـــاو گەڕانە بـــەدوای ڕێگاچارەســـەرەکانی گەندەڵیدا، کەلەمبـــوارەدا میدیا دەتوانێـــت ڕۆڵێکی باش بگێڕێت نەك بە شـــێوەی دەرخستنی دیاردەکـــەو ورووژاندنـــی و بڵاوکردنەوەی تەنیا بۆ مەبەســـت و مەرامێکی سیاسی وەك پروپاگەنـــدەو ناوزڕاندن، بەڵکو گەڕانە بەدوای ئەو ڕێگا زانستی و ئەزموونانەی گەلانی پێشکەوتوو کەتوانیویانە لەڕێگای گۆڕینی هاندەرەکانی گەندەڵییەوە بۆ هاندەرە دژە گەندەڵییەکان، ئەمەش ئەو ئەفسانەیە دروســـت دەکات کە بودجـــەی وڵاتەکانی کردۆتـــە ســـێ هێندە،ئەمـــەش لەڕێگای پیادەکردنی ســـەروەری یاسا کە کاریگەری لەســـەر گرفت و کێشەی گەندەڵی هەبێت، چەسپاندنی یاساو گەڕانەوەی دەسەڵات و متمانە بۆیاســـاش پێویستی بەدامەزراوەی وا هەیە کە بتوانێـــت ڕووبەڕووی دیاردەکە ببێتەوەو بەڕێژەی باش چارەسەری دیاردەکە بکات، چونکە چارەســـەرکردنەکان جیاوازەو ڕێژەیەکی گەندەڵی هەر دەمێنێتەوە..

پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش چاوەڕێی چاکبوونـــی بارودۆخە ئاڵۆزەکەی عێـــراق نەکات کـــە هێشـــتا ڕوون نییە کەی چـــاك دەبێت،روئیایەکی لەســـەر چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونـــەوەی گەندەڵـــی و ڕێگا گرتن لە تەشـــەنەکردنی لەناو هەرێمی کوردســـتان هەبێت، گەر بیەوێت داهاتووی ئابوورییەکەی زامـــن بێت و داهـــات و خەرجییەکانی بودجە لەپێناو بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەســـی و خۆشگوزەرانی و کامەرانی هاووڵاتیانیدا بێت .

## بۆ ئەم مەبەســـتەش پوختـــەی ڕاوبۆچوونی چەند شارەزایەکی ئەمبوارە وەردەگرین:

• پرۆفیســـۆر دکتۆر ســـائیب ئیبراهیم جواد – توێـــژەری ئەکادیمـــی عێراقی و شـــارەزا لەبواری بەتایبەتی کردن ومەسەلەی گەندەڵی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا.

• پرۆفیســـۆری یاریـــدەدەر دکتۆر محەمەد شەعبان – سەرۆکی بەشی ئابووری لەکۆلێژی کارگێڕی و ئابووری /زانکۆی دهۆك.

• دکتۆر خالیـــد حەیدەر- شـــارەزا لەبواری دارایی و بازاڕ .

• مامۆســـتا کامەران ئەحمەد – مامۆســـتا لەبەشی ئابووری/ زانکۆی سلێمانی.

**کاتێک یاسا لاواز دەبێت لە وڵاتێکداو بارودۆخی ئابووریش ڕوو لەخراپی دەکات، دیاردەی گەندەڵی بچووک و گەورەی لێدەکەوێتەوە**

**لاوازی شەفافییەت هاوکاتە لەگەڵ لاوازی ڕۆژنامەگەری ئازادو دامەزراوەیی ڕێکوپێک و بەدەسەڵات**



## گەندەڵی ئابووری ئاستەنگی بەردەم پەرەپێدانە

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەکو چۆن لەجەنگی تیرۆردا سەرکەوتنی بەدەستهێناو هەوڵیدا ئابووری ئاراستەبکات بەرەو ئابووری بازاڕ و بەهاوشـێوەی ئەزموونەکانی تایوان و سـەنگافوورەو مالیزیاو چیکوسلۆڤاکیا، سەرەتای ڕێگایەکی دریژی گرتەبەر بەرەو پەرەپێدانی ئابووری و خۆشـگوزەرانی، کە دەکرا بەرنامەو سـتراتیژییەتی بۆ داهاتوو هەبوایە ؛بەڵام لەسەرەتای ڕێگادا گەندەڵی ئابـووری وەکـو ئاسـتەنگێك لەبەردەم گەشـەپێدانی سروشتی و ڕێڕەوی ئاسایی بەڕێوەبردنی ئابووری بازار دەرکەوت، لەبری ئەوەی ئابوورییەکی بازاڕمان دەسـتکەوێت کەلەسـەر بنەماکانی کێبڕکێی یاسایی و سروشتی گەشەپێدانی سەرمایەداری بنیات بنرێـت، کەوتینە زەلکاوی مەحسـوبییەت و ڕۆتیـن و لاوازی کارگێـڕی و گەندەڵییەوە،ئەمەش بەهاوشێوەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاو ئەمەریکای لاتینی.

### دیاردەی گەندەڵی نەگەیشتۆتە رادەیەکی مەترسیدار لەکوردستان دا، بەڵام گەر ویست و هەڵوێست بۆ رووبەرووبونەوەی نەبێت ئەوا مەترسی هەڵکشانی لێدەکرێت

پرۆفیسۆر دکتۆر سائیب جەواد پێی وایە: کێشەی تەشەنەکردنی گەندەڵی و نەگەیشتن بەئابووری بازاڕ بـۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە کە ئەو کۆمەڵگاو وڵاتانە خۆیان لەبنەڕەتدا هەرێم و وڵاتێکی پیشەسازی و بەرهەمهێن نەبـوون، بۆنموونە لەقۆناغـی راگوزەردا چیك و سـلۆڤاکیا بـەرەو حوکمڕانییەکی بـاش و دوور لەگەندەڵیـی پەڕینـەوە، بەپێچەوانەشەوە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ئەمەریـکای لاتینی و ئەفریقیا کەنەیانتوانی بگەنە دۆخی ئابووری بازاڕ نغرۆی دیاردەیەکی ئاڵۆزو پڕ لەمەترسـی گەندەڵی بوون و ئێسـتا بە وڵاتی ماندوو هیلاك دادەنرێن،

جـەواد پێی وایـە لەسـەرجەم وڵاتان و کۆمەڵگاکانـدا گەندەڵـی بوونیان هەیە، بەڵام مەرجە بەرێژەو ئاسـتێکی کەم بێت بەهاوشـێوەی کۆمەڵگاکانی وەکو ژاپۆن و کۆریای باشوورو پڵنگەکانی ئاسیاو وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا. هەرێمی کوردستانیش وەکو زۆر شـوێنی تر لەم دیـاردەی گەندەڵییە دەربازی نەبووەو بەرێژەو شـێوازی جیاواز دیاردەکە بوونی هەیـە گەرچی دیاردەکە نەگەیشـتۆتە رادەیەکی مەترسیدار، بەڵام گەر ویست و هەڵوێست بۆ رووبەڕووبونەوەی نەبێت ئەوا مەترسی هەڵکشانی لێدەکرێت.

### نەبوونی شەفافییەت و لاوازی یاسا لەگرنگترین ئەو هۆکارانەی زیادبوونی ئاستی گەندەڵی ئابووریین لەهەرێمی کوردستاندا

پرۆفیسـۆری یاریدەدەر دکتۆر محەمەد شـەعبان پێی وایـە : گەندەڵی ئابووری بەشـێوەیەکی قـووڵ و فـراوان لەنـاو کۆمەڵـگای کوردسـتانی تەشـەنەی کردووەو زەحمەتە وابەئاسـانی لێی دەرباز بیـن، نەبوونی شـەفافییەت و دامەزراوەو لاوازی یاسـا لەگرنگترین ئەو هۆکارانەی زیادبوونی ئاسـتی گەندەڵـی ئابوورییە لەهەرێمی کوردستان، لاوازی شەفافییەت لەهەرێمـی کوردسـتان هاوکاتـە لەگەڵ لاوازی رۆژنامەگەری ئازادو دامەزراوەیی ڕێکوپێك و بەدەسەڵات. زۆرجار هۆکارەکانی دەرکەوتنـی دیاردە خراپەکانـی ئابووری بۆ مێژوویەکـی دوور دەمانباتەوە هەروەکو چۆن دیـاردەی گەندەڵـی لەئەمەریکای لاتینی و ئەفریقیا بۆ هێزە داگیرکارییەکان دەگەڕێتـەوە، تەنانـەت هیندییـەکان لەکیشوەری ئاسیا تەشەنەکردنی گەندەڵییان بـۆ بەریتانیا و سـاڵانی داگیرکاری ئەو وڵاتە گەڕاندەوە، دکتـۆر خالید پێی وایە گەندەڵـی لەکۆمەڵـگای کوردسـتانیدا وەکو میراتییـەك لەحکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێـراق بۆمان ماوەتەوە، چونکە بەشـێوەیەکی گشـتی حکومەتی عێراق سـەرکەوتوو نەبـووە لەبەڕێوەبردنی وڵات، سیاسەتی دەرکردن و بەتاڵانبردنی سامانی هەرێمەکـەو جینۆسـایدکردنی گەلەکەی هۆیـەك بوو بۆ لەناوبـردن و بەتاڵانبردنی سامان و داهات، لەدوای رووخانی رژێمی بەغداو پیادەکردنی حوکمێکی دیموکراتییش نەتوانرا بارودۆخەکە بەئاراستەیەکی راست و دروسـت ببرێت، بەڵکو بارودۆخەکە بۆ مەبەسـت و مەرامی خـراپ بەکارهێنراو ژینگەیەك بـۆ تەشـەنەکردنی گەندەڵی لێکەوتەوە، ئەم حاڵەتە زیاتر تەشەنەی کرد

یەکێک لەو هۆکارانەی وایکرد گەندەڵی لە ژاپۆن و کۆریای باشوور کەم بێتەوە دڵسۆزی هاوڵاتییانی ئەو وڵاتانە بوو بەرامبەر بە حکومەت و کۆمپانیاو کارگەکانیان

پەرەپێدانی سەرمایەی مەعریفی و پێگەیاندنی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی ناو کۆمەڵگا ڕێگایەکی درێژخایەنە بۆ رووبەرووبونەوەی گەندەڵی

لەقۆناغی راگوزەردا چیک و سلۆڤاکیا پەڕینەوە بەرەو حوکمڕانییەکی باش و دوور لەگەندەڵیی، بەپێچەوانەشەوە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ئەمەریکای لاتینی و ئەفریقیا کەنەیانتوانی بگەنە دۆخی ئابووری بازاڕ و نغرۆی دیاردەیەکی ئاڵۆزو پڕ لەمەترسی گەندەڵی بوون



کاتێك حکومەت لەبواری کۆنترۆڵکردنی ئابووری و ئاراستەکردنی بەرەو بەدیهێنانی بنەماکانی ئابووری بازاڕ سەرکەوتوو نەبوو، بەمشێوەیە لاوازی دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردنی بواری ئابووری وای لە بیزنسکارو بازرگان و سەرمایەداران کرد بۆ کەڵەکەکردنی زۆرترین سەرمایەو بەدەستهێنانی دەسکەوتی خێرای نایاسایی بارودۆخەکە بقۆزنەوە

**کاتێکیش یاسا لاواز دەبێت لەوڵاتێکداو بارودۆخی ئابووریش روو لەخراپی دەکات، دیاردەی گەندەڵی بچووك و گەورەی لێدەکەوێتەوە**

مامۆستا کامەران ئەحمەد هۆکاری تەشەنەکردنی گەندەڵی بۆ لاوازی یاساو جێبەجێکردنی دەگەڕێنێتەوەو پێی وایە : نەبوونی چاودێری و پاڵپشتییەکی بەهێز بۆ جێبەجێکردنی یاسا هۆکارێکی سەرەکی تەشەنەکردنی گەندەڵییە لەهەرێمی کوردستان، ئەم بۆچوونەی من بۆ سەرجەم وڵاتانی دیکەی جیهانیشە، کاتێکیش یاسا لاواز دەبێت لەوڵاتێکداو بارودۆخی ئابووریش روو لەخراپی دەکات، دیاردەی گەندەڵی بچووك و گەورەی لێدەکەوێتەوە بەهاوشێوەی هەرێمی کوردستان، بۆیە گواستنەوەو گەیشتن بەئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو کە رێژەی گەندەڵییان کەمە بەبێ بەهێزبوونی سیستەمی یاسایی و دادوەری نابێت.

**گەندەڵی وەکو نەخۆشی ( ئایدز) وایە**

گەندەڵی پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام هەموو پێناسەکان لەسەر مەبەست و ئامانجێك یەك دەگرێتەوە، ئەویش:( خراپ بەکارهێنانی پۆست و نفووزو مەحسوبییەت و بەفیڕۆدانی دارایی گشتییە)، لەتێڕوانینی بانکی نێودەوڵەتیدا گەندەڵی وەکو نەخۆشی ( ئایدز) وایە، هەروەکو چۆن لەش بەرگری نامێنێت، کۆمەڵگاش توانای پەرەپێدان و چاکسازی نامێنێت و کەسەکانی ناو کۆمەڵگاش دووچاری بێزاری و لاوازی ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی دەبنەوە . سندووقی دراوی نێودەوڵەتیش پێی وایە: گەندەڵی لاوازی دەسەڵاتی سیاسی و تێوەگلانی کەسێك یاخود گرووپێکە بۆ بەدەستهێنانی سوودو بەرژەوەندی تایبەتی ..

گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان بەهاوشێوەی زۆر شوێن و کۆمەڵگای تری جیهان بەتایبەت وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست وەکو کلتوورێکی شاراوەو دەزگایەکی ناشەرعی تەشەنەی کردووەو رۆڵی لەئامادەکردن و رێکخستنی ئەو رێگایەی هەبووە، کە زۆر لەتاکەکانی ناو کۆمەڵگای بەرەو داخزان بردووە . بگرە زۆربەی جار دەستەبژێری سیاسەتمەدار هۆکارێك بوون بۆ فراوانبوونی گەندەڵی لە ئابووری وڵاتدا، تەنانەت گەندەڵییەکە میکانیزمێکی تارادەیەك یاسایی وەرگرتووەو دامەزراوەکانی تایبەت بە چاودێری دارایی و لێپرسینەوە لە دەسەڵات و توانایاندا نییە کاری بەدواداچوون و بنبڕکردنی گەندەڵی بکەن،لەزۆر وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات و ئەمەریکای لاتینی و ئەفریقیا گەندەڵی سیاسی دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ سەرجەم گەندەڵییەکانی تری ئابووری و کارگێڕی (بچووك یاخود گەورە) لەمەکسیکیش گەندەڵی کاریگەری لەسەر نزمبوونەوەی ئاستی گەشەکردنی سەرمایەگوزاری هەبووە، دیاردەی تەشەنەکردن و گەورە بوونی گەندەڵی تەنیا لەرێگای دەسەڵاتی سیاسییەوە رووی نەداوە بەڵکو کۆمپانیاکانیش رۆڵیان لەگەورەبوونی گەندەڵییەکان هەیە، کاری بەرتیلخۆری کۆمپانیاکان لەجیهاندا بۆ حکومەتەکان ساڵانە بە٨٠ ملیار دۆلار دادەنرێت، ئەم بڕە داهاتەش هەمان بڕە داهاتە کەنەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بنبڕکردنی هەژاری لەجیهاندا تەرخانی کردوون،، ئەوەتا لەدوا راپۆرتی نێودەوڵەتی بۆ گەندەڵی ساڵی(٢٠٠٩) کە لەلایەن رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتییەوە دەردەچێت و هەڵسەنگاندنی بۆ ١٨٨ دەوڵەت تێدایە، چەند زانیارییەکی خستۆتە روو. ئەوەی پێوەندی بە ئێمەوە هەبێت بوونی ناوی عێراقە لەدوای سۆماڵ و دواتر میانمار، کە لەریزبەندی دووەم لەپێشەوەی ئەو وڵاتانە دێت کە گەندەڵی تێیدا تەشەنەی کردووەو دامەزراوەکانی بە شەفافییەت کارەکان هەڵناسوڕێنن، رێکخراوەکە ئەوەشی راگەیاندووە کە جیهان ساڵانە ٤٠ ملیار دۆلار لەبوارەکانی بەرتیل و گەندەڵی بەفیڕۆ دەدات، کۆمپانیاکانیش

**لاوازی دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردنی بواری ئابووری وای لە بیزنسکارو بازرگان و سەرمایەداران کرد بارودۆخەکە بقۆزنەوە بۆ کەڵەکەکردنی زۆرترین سەرمایەو بەدەستهێنانی دەسکەوتی خێرای نایاسایی**

**نەبوونی چاودێری و پاڵپشتییەکی بەهێز بۆ جێبەجێکردنی یاسا هۆکارێکی سەرەکی تەشەنەکردنی گەندەڵییە لەهەرێمی کوردستان**

**کاری بەرتیلی کۆمپانیاکان لەجیهاندا بۆ حکومەتەکان ساڵانە بە٨٠ ملیار دۆلار دادەنرێت، ئەم بڕە داهاتەش هەمان بڕە داهاتە کەنەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بنبڕکردنی هەژاری لەجیهاندا تەرخانی کردووە**

رۆڵێکی خراپیان لە زیادبوونی گەندەڵییەکان هەیە و تێچوونی پرۆژەکانیان بە ڕێژەی ١٠٪ بەرز کردۆتەوە، بارودۆخەکە لەوڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت خراپترە، لە ئەنگۆلا زۆربەی داهاتی نەوت دیار نییەو لە نێجیریاو وڵاتانی تری رۆژهەڵاتی ناوەراستیش داهاتەکانی نەوت هەروەکو هۆڵەندییەکان بە(لەعنەتی نەوت ) ناوی دەبەن بۆتە هۆی پاشاکشەکردنی دیموکراتییەت و ئابووری بازاڕو تەشەنەکردنی گەندەڵی ئابووری و سیاسی.

## ستراتیژییەتێك بۆ کۆنترۆڵکردن و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

گەندەڵی یەکێکە لەو کێشانەی لەبەردەم پەرەپێدانی ئابووری لە عێراق و هەرێمەکەش ئاستەنگە، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیش لەم بارودۆخە تێوەگلاون، ئەوان لەگۆڕەپانی سیاسی باس لەدژایەتیکردنی گەندەڵی دەکەن و تەنیا وەکو کارتێکی سیاسی و سیاسەتمەدار و کەسایەتییەکانیشیان هەمان نغرۆی گەندەڵی بوون، لەم روانگەیەوە کاتی ئەوە هاتووە دامەزراوەکانی چاودێری و یاسایی و قەزائی مەلەفەکانی گەندەڵی وەرگرن و بۆ رووبەرووبوونەوە و دژایەتی فراوانبوونی نەك تەنیا بۆ بەکارهێنانی وەکو دروشم و چەواشەکردن .

گەندەڵی وەکو پەتایەك تەشەنە دەکات، بەرادەیەك توێژو چینەکانی ناو کۆمەڵگاش بە هاوشێوەی سیاسەتمەدارو بیزنسکارو سەرمایەدارە گەندەڵەکان بەشدارن، کاسبکارو کەرتی تایبەتیش کاراکتەری سەرەکی گەندەڵییەکانە بگرە گەندەڵییەکە خەریکە دەبێتە کولتوور، رەنگە جیاوازی گەندەڵکارەکە تەنیا لەجۆری پیشەکە یاخود پۆستەکە و ڕێژەو ئاستەکەیدا بێت، زۆرجار کەناڵێکی راگەیاندن یاخود رۆژنامەنووسێك یا کرێکارو قوتابییەك لە گەندەڵی بەپێی پیشەو کارەکەی ( کەمتەرخەم دەنوێنێت، کارێکی نایاسایی بۆ ناسیاوو کەسێك بەڕێ دەکات، بەرتیل دەدات یاخود دیاری وەردەگرێت بەرامبەر کارێکی نایاسایی، دەسەڵات و کارەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنێت . تاد )،ئالێرەدا متمانەی هاووڵاتی بەرامبەر دەسەڵات کەم دەبێتەوە، گەندەڵی کاتێك بەم شێوەیە تەشەنە دەکات رووبەرووبوونەوەی کارێکی ئاسان نییە، پێویستە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گەندەڵی چارەسەر بکرێت، نەك بەرەنگاربوونەوەی دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی.




**کەوتنەوەی ژینگەیەک کە تێیدا هاندەرەکانی گەندەڵی لە هاندەرەکانی دژە گەندەڵی زیاتر بێت، بەزیانی ئابووری و ئەزموون و خەباتی پارتەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسیش تەواو دەبێت**

**بێ توانایی حکومەتی عێراق بۆ رووبەرووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی هەڕەشەی فاشیلبوون لەدەوڵەتی عێراق دەکات**

**کێشەی گەندەڵی لەعێراقدا لەوەدا سەرچاوەی کردووە، کەسانێک حکومەت دەبەن بەڕێوە بەرژەوەندییە تائیفی و حزبی و شەخسییەکانیان لەسەروو بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانەوەیە**

..دکتۆر سـائیب جەواد ئـەو تێڕوانینەی هەیە چارەسـەرکردنی گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردسـتان ماوەی ١٥ بۆ ٢٠ ساڵی دەوێت گەربێت و بەو شێوازو ڕێگایە کلاسـیکییەوە ڕووبەڕووی ببینەوە، چونکە نەهێشـتنی گەندەڵی نەوەیەکی هۆشیارو دڵسۆزی پێویستەو لەمەش گرنگتر قوربانی و ماندووبوون و دەسـتبەردار بوونی دەوێت لـەزۆر ئیمتیازات و دەستکەوت، یەکێك لەو هۆکارانەی وایکرد گەندەڵی لە ژاپۆن و کۆریای باشـوور کەم بێتەوە دڵسـۆزی هاوڵاتییانی ئەو وڵاتانـە بوو بەرامبەر بە حکومەت و کۆمپانیاو کارگەکانیان. دکتۆر محەمـەد شـەعبان پێی وایـە دەبێت بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی دوو ڕێگا بگیرێتە بەر یەکەمیان چارەسەری خێرایە لە ڕێگای بەهێزکردنی یاسـاو دانانی سیسـتەمێکی توندی چاودێری و بەدواداچوون، ڕێگای دووەمیش درێژخایەنە لەڕێگای پەرەپێدانی سـەرمایەی مەعریفـی و پێگەیاندنـی ئاسـتی هۆشیاری تاکەکانی ناو کۆمەڵگا لـە ڕێگای ئایین و پـەروەردەو فێرکردن و تەندروسـتی و ئابـووری و پێشخسـتنی خزمەتگوزارییەکانەوەیە. هۆشیاری ئابووری و نەتەوەیی و نیشتمانی هۆکارێکی گرنگە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی، چونکە گەندەڵی لەئاستێکی هۆشیاری نەتەوەییدا چارەسەر دەبێـت و گەندەڵیش پەیوەنـدی توندی بەنەبوونـی شـەفافییەت و دیموکراتییەوە هەیە لەمبارەیەوە مامۆسـتا کامەران پێی وایە :تێگەیشتنی دیموکراتییەت کاریگەری لەسـەر کەمکردنـەوەی گەندەڵی هەیە و پێویسـتە لەم سیسـتەمەی بازاڕدا حیزب دەسـتێوەردانی بۆ ناو کاروباری ئابووری بەڕێوەبـردن نـەکات، تا حکومـەت وەکو دامەزراوەیەکی سـەربەخۆ دوور لەهەموو دەستێوەردانێکی لابەلا کاری حوکمی خۆی بکات، دکتۆر خالیـد حەیدەر دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکـی خاوەن دەسـەڵات و دوور لەدەسـتێوەردانی حیزبـی یـەوە بۆ چاودێـری بەرنامـەو کارەکانی حکومەت و هەڵسـەنگاندنی توانـای حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەپێویستییەکی سـەردەم دادەنێت ئەو پێـی وایە ڕۆژنامەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەتەنیا ناتوانـن ببنە گروپی فشـارو بارودۆخەکە بـەرەو دژایەتیکردنی گەندەڵی ببەن تاوەکو نەبینە خاوەن بەڕێوەبەرایەتییەك کار لەسەر ئەدای حکومەت بکات.

ئەورووپییەکان لە ڕۆژئاوای کیشوەرەکەیان لە پەنجاکانی سەدەی نۆزدەمەوە بوونە خاوەنی ( دادگای تایبەت بەبازرگانی )،لەو بەشەی ڕۆژئاوای کیشوەرەکە هەر لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە زۆربەی خزمەتگوزاری و کەرتە گرنگەکان تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت لەلایەن کەرتـی تایبەتەوە بەڕێوەچوو، بەپێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەعێـراق و هەرێمیـش وەکو بەشـێك لەو پێگەیە حکومـەت کەرتەکان بەڕێوە دەبات ( واتە مەرکەزییەتی ئابووری )، لەکاتێکدا لەجیهانـی پێشـکەوتوو نامەرکەزییەتی ئابووری پیادەدەکرێت و حکومەت چاودێری توونده بەسەر دامەزراوەکانەوە .

## کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی گرنگییەکی ستراتیجی هەیە بۆ گەشەکردنی نیشتیمانی

ئـەم واقیعـەی تەشـەنەکردنی گەندەڵی و دانانی ئاسـتەنگ لەبەردەم گەیشـتن بـە ئابووری بـازاڕ لەسـەرجەم وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوە، محەمەد عەلی یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری نووسـینگەی لێکۆڵینەوەی گەندەڵی سەنغافورا سەبارەت بـە ڕووبەڕووبونـەوەی گەندەڵی دەڵێت : لەسەنغافورا سیاسـەتێکی بەهێزی دژ بە گەندەڵی هەیە، کە پێیوایە کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی گرنگییەکی ستراتیجی هەیە بۆ گەشەکردنی نیشـتیمانی، بەپێی پێوەری (( تێڕوانینـەکان بـۆ گەندەڵـی )) کە ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی ئاستی گەندەڵییەکانی وڵاتانی پێ هەڵدەسەنگێنێت و، چاودێـری ژینگـەی کاری بیزنـس بازرگانی لەزۆربـەی وڵاتاندا دەکات ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو : ((بیزنسکارو بازرگانە گەندەڵـەکان لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت کێشەو مەترسییەکی زۆر گەورەترن لەچاو ئەورووپای ڕۆژئاوا ..)).

ئەزموونی سەنگافورە لەبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بۆ ئێمەی کورد بەسوودە، چونکە ئەوانیش بەهاوشێوەی ئێمە لەگەڵ کرانەوەی بـازاڕەکان و فراوانبوونی کاری بازرگانی و ئابـووری دووچـاری گەندەڵییەکـی ڕادەبەدەربـوون .بەمشـێوەیە دانانـی ستراتیژییەتێك بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی ئابـووری تەنیا بـەو ڕێوشـوێنانە دەبێت کە کاریگەری لەسـەر ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەکـە دەبێت لەوانە( دەرکردنی یاسـاو ڕاسـپاردەی نـوێ دژی گەندەڵـی و گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئیداری و هەڵوێست وەرگرتـن دژی بەرپرسـانی گەندەڵـی نێوحکومەت، هاوکات لەرووی سزادانیشەوە پێویست بە سیستەمێکی توندی چاودێری و بنبڕکردنـی (تاوانـی شووشـتنەوەی پارە) هەیە، کەئەو پارانەی بە ناشـەرعی دەسـتکەوتووە دووبارە بە نهێنی دەخرێنەوە ناو کاروباری ئیکۆنۆمی . بەشـێوەیەکی گشتی چاکسازییە ئیداری و ئابوورییەکان و دانانی حەوافزی دژە گەندەڵی هەمووی کۆمەڵێك ڕێـگاو کاروکردەوەی یاسـایی و ئیدارییـە ڕێگـرن لەتەشـەنەکردنی دیاردەی گەندەڵی، سـەرەتای ڕێگاش بە دامەزراویکردنی دامودەزگاکانی حکومەت دەسـت پێ دەکات، تاوەکو ئەم دامەزراوانە ببنـە کۆڵەگەیەك بۆ بەهێزکردنی یاسـاو پێشخسـتنی فەرهەنـگ و کلتـووری ڕێزگرتن لە یاسـا و، ئاسان بەڕێوەچوونی کارو پێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییەکان و دامەزراندنـی سیسـتەمێکی چالاك و سەربەخۆ .

## پێویستە سەرکردەو بەپرسە باڵاکانی حکومەت لە پێشینەی کارەکانی خۆیاندا مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییان دابنێت

چارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵی کارێکی ئاسـان نییـەو دژوارە، بـەڵام پێویسـتە سەرکردەو بەپرسـە باڵاکانی حکومەت لە پێشـینەی کارەکانی خۆیاندا مەسـەلەی بەرەنگاربوونـەوەی گەندەڵییـان دابنێت، چونکە چارەنووسـی داهاتـووی وڵاتێك دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە ئەرکی سەرشانی حکومەتە دامودەزگای بەهێز دروست بکات بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی حکومەت و چاودێریکردنی گەندەڵی و دەستنیشانکردن و لێپرسـینەوەو بەدواداچوونی یاسایی بۆ کەسـە گەندەڵکارەکان، سـەنگافورە ئەم ئەزموونەی هەبوو،

بنبڕکردنـی گەندەڵی سـەنگافورەی لە جیهانی سێیەمەوە گواستەوە بۆ یەکەم، ئەوەتا لەدوا ڕاپۆرتی شـەفافییەتی نێودەوڵەتی پلەی چوارەمی بەدەسـتهێنا لە باشـترین وڵات کـە توانیوێتـی دژایەتی گەندەڵی بکات، یاسـای دژە گەندەڵی لەو وڵاتەدا یاسایەکی تۆکمە بوو سزای گونجاوی بۆ گەندەڵکاران پێ بوو. یاسـایەکە زوو زوو پێداچوونەوەی بۆ دەکرا، بۆبەدەسـتهێنانی متمانەی جەماوەر، سـەرکردە سیاسییەکان بوون بە نموونەی بـاش بۆ فەرمانبەرانی تر.

**گەندەڵی خۆی لەخۆیدا پێشێلکردنی یاساو سیستەمی دادوەرییە لەوڵاتدا**

**چەسپاندنی یاساو گەڕانەوەی دەسەڵات و متمانە بەیاسا پێویستی بەدامەزراوەی وا هەیە، کە بتوانێت ڕووبەڕووی دیاردەی گەندەڵی ببێتەوە**

**ناوی عێراقە لەدوای سۆماڵ و دواتر میانمار، کە لەریزبەندی دووەم لەپێشەوەی ئەو وڵاتانە دێت کە گەندەڵی تێیدا تەشەنەی کردووەو دامەزراوەکانی بە شەفافییەت کارەکان هەڵناسوڕێنن**